السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# له هەموو بەشەکانی شەو پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نوێژی ویتری دەکرد، لە سەرەتای شەو، وناوەڕاستی شەو، وکۆتایی شەو، وله کاتی سەحەر نوێژی ویتری تەواو دەکرد

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «لە هەموو بەشەکانی شەو پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نوێژی ویتری دەکرد، لە سەرەتای شەو، وناوەڕاستی شەو، وکۆتایی شەو، وله کاتی سەحەر* نوێژی ویتری تەواو دەکرد». *(سەحەر: ماوەیەکی کەمە پێش بانگی نوێژی بەیانی (ماوەی پارشێو کردن))

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

دایکی ئیمانداران عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- باسی کاتی نوێژی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەکات لە بەشەکانی شەودا، ونوێژی ویتری لە هەموو بەشەکانی شەو ئەنجامدەدا، جاری وا بوو لە سەرەتای شەودا پاش نوێژی عیشا، وجاری وا بوو لە ناوەڕاستی شەودا، وجاری وا بوو لە سێیەکی کۆتایی شەودا یان کۆتا کاتژمێری شەو (ماوەیەکی کەم پێش بانگی نوێژی بەیانی).

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5218

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee